Karlskoga

# زانیاری دەربارەی ئەرکی خوێندنی گشتگیر

هەموو ئەو منداڵانەی کە دەچنە پۆلی پێش قوتابخانە، قوتابخانەی بنەڕەتی یان قوتابخانەی بنەڕەتی گونجاوئەرکی خوێندنیان لە قوتابخانە لەسەرە. ئەمە مانای ئەوەیە کە دەبێت بچن بۆ . قوتابخانە و هەموو رۆژێکی خوێندن ئامادە بن لە وانەکاندا بۆ فێربوون.

تۆ وەک سەرپەرشتیار، بەرپرسیاریت لەوەی کە منداڵەکەت بێتە قوتابخانە. قوتابخانە بەرپرسە لە دڵنیابوون لەوەی کە منداڵەکە بەشداری لە وانەکانی فێرکردندا دەکات .

منداڵ تەنها بە هۆیەکی رەوا دەتوانی نەروا بۆ قوتابخانە. هۆکارە رەواکان ئەوەن، بۆ نموونە، ئەگەر نەخۆش بکەوێت یان مۆڵەتی لەلایەن بەڕێوەبەرەکەوە پێدرا بێت. بەڕێوبەری قوتابخانەی منداڵەکە بڕیار دەدات کە ئایا منداڵەکە مۆڵەتی پێدەدرێت یان نا.

بەڕێوەبەری قوتاخانە دەتوانێت بڕیاری مۆڵەت بدات ئەگەر هۆکاری تایبەت هەبێت، وەک، بۆ نمونە، پرسەی بەخاکسپاردن . هەروەهاش بەڕێوەبەر دەتوانێت بڵێت نەخێر بۆ مۆلەت.

بۆ نموونە، ئەگەر تۆ پلانی گەشتێکت هەیە، دەبێت پێشوەخت داوای مۆڵەت بکەیت. ئەگەر بەڕێوەبەر مۆڵەتەکە پەسەند نەکات، نابێت منداڵەکە لە قوتابخانە دوور بکەوێتەوە.

ئەگەر منداڵەکە بەبێ هۆکاری دروست نەهاتبوو بۆ قوتابخانە ئەوا تۆ وەک سەرپەرشتیار ، ناچار دەبیت غەرامە بدەیت . گەشتێک کە لەلایەن بەڕێوەبەرەوە پەسەند نەکرابێت وەکو غیابی نارەوا وایە.